پرسیار و وەڵامی گشتی

## 1. بەشەکانی زانکۆ چی یە وە دەرچووی کوێ وەردەگرن؟

| کۆلێج/ بەش | دەرچووی ئامادەیی، پەیمانگا، ئامادەیی پیشەیی | تەمەن |
|---|---|---|
| ئەندازە/ شارستانی | 1. زانستی<br>2. پەیمانگای تەکنیکی/ بەشی بیناکاری<br>3. ئامادەیی پیشەسازی/ وێنەی ئەندازەیی | کەمتر لە 30 ساڵ |
| ئەندازە/ نەوت | 1. ئامادەیی پیشەسازی/ وێنەی ئەندازەیی<br>2. پەیمانگایی تەکنیکی/ تەکنەلۆجیا نەوت | کەمتر لە 30 ساڵ |
| ئەندازە/ کۆمپیوتەر | 1. زانستی<br>2. پەیمانگایی تەکنیکی/تەکنەلۆجیایی زانیاریی (IT) یان سیسەتمی زانیاری<br>3. ئامادەیی پیشەیی/ تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) | کەمتر لە 30 ساڵ |
| زانست/ شیکاری نەخۆشییەکان | 1. زانستی<br>2. پەیمانگایی تەکنیکی/ شیکردنەوەی نەخوشییەکان | کەمتر لە 30 ساڵ |
| بەشی ئینگلیزی | 1. زانستی<br>2. وێژەیی<br>3. پەیمانگای (5) ساڵ سەر بە وەزاەرتی پەروەردە/ بەشی ئینگلیزی و وەرگێران | کەمتر لە 30 ساڵ |
| بزنس/ ژمێریاری | 1. زانستی<br>2. وێژەیی<br>3. پەیمانگای (5) ساڵ سەر بە وەزاەرتی پەروەردە/ ژمێریای و کارگێری<br>4. پەیمانگا تەکنییەکان/ کارگیری بانکەکان یان ژمێریاری<br>5. ئامادەیی بازرگانی | کەمتر لە 30 ساڵ |
| بزنس/ کارگێڕی کار | 1. زانستی<br>2. وێژەیی<br>3. پەیمانگای (5) ساڵ سەر بە وەزاەرتی پەروەردە/ ژمێریای و کارگێری<br>4. پەیمانگا تەکنییەکان/ کارگیری<br>5. ئامادەیی بازرگانی | کەمتر لە 30 ساڵ |

## 2. مەرجی تەمەن هەیە؟

وەڵام: بەڵێ وە لە خشتەکەی سەرەوە دیاری کراوە.

## 3. بۆ لە زانکۆکانی تر مەرجی تەمەن بەم شێوەیی ئێوە نییە؟

وەڵام: ئەو زانکۆیانە دەوامی ئێوارانیان هەیە.

**4. ئایا دەرچووی پەیمانگا وەردەگرن؟**

وەڵام: بەڵێ بە دوو شێوە:

A. لە بەشە هاوشێوەکەی خۆی کە لە خشتەکەی سەرەوە مەرجەکان دیاری کراوە.

B. بە نمرەی پۆلی (12)مین واتە شەشەمی ئامادەیی ئەو کات مەرجەکانی شەشەمی ئامادەیی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

**5. ئایا دەرچووی ئامادەیی پیشەیی وەردەگرن؟**

وەڵام: بەڵێ ئامادەیی بازرگانی و ئامادەیی پیشەیی بەشی IT و سیستەمی زانیاری ولە خشتەکەی سەرەوە مەرجەکان دیاری کراوە.

**6. ئایا لەم زانکۆیە مەرجی تایبەتی خۆتان هەیە به دەر لە مەرجەکانی وەزارەت بۆ وەرگرتن؟**

وەڵام: نەخێر.

**7. کەواتە ئێوە جیاوازیتان چییە لەگەڵ زانکۆکانی تر؟**

وەڵام: A. ئێمە ساڵێکی خوێندنی پێش وەختمان هەیە بۆ فێربوونی زمان و بەرزکردنەوەی توانستەکان. کەواتە تۆ نەك تەنها دەبیتە خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بەڵکو لەگەڵیدا زمانی ئینگلیزی فێردەبیت.

B. سیستەمی خوێندنی ئەم زانکۆییەی ئێمە سمستەرەو فێرخواز مافی هەڵبژاردنی کۆرسەکانی هەیە لە سیمستەرەکەدا.

**8. کرێی خوێندنی ئەم ساڵە(پێش وەختە ) لەسەر زانکۆیە؟**

وەڵام: نەخێر ئەمە بە دەرە لە کرێی خوێندنی ساڵانە.

**9. کەواتە ئێستا من ببم بە فێرخواز دەبێت پارەیەکی زۆر بدەم واتە (کرێی ساڵی یەکەم و ساڵی پێش وەخەت)؟**

وەڵام: نەخێر تەنها پارەی کۆرسی زمان و توانستەکان دەدەیت.

**10. باشە من لە ئامادەییەکی تایبەتەوە هاتووم و ئینگلیزییەکەم زۆر باشە بۆ ساڵی زیاتر بخوێنم؟**

وەڵام: نا مەرج نییە ساڵێك بخوێنیت، لێرە تاقیکردنەوەیەك ئەنجام دەدەیت بۆ زمان وە ئەگەر نمرەی دەرچوونت هێنا ئەوا هیچ کۆرسی زمان وەرناگریت و هیچیش پارە نادەیت، ئائەمەیە کە ئێمەی جیاواز کردوە.

**11. دەبێت چەند مانگ بخوێنم بۆ زمان؟**

وەڵام: ئێمە لە زانکۆ (5) ئاستمان هەیە لە (1 تا 5) وە هەر ئاستێك بۆ ماوەی (2) مانگ دەخوێنیت دواتر تاقیکردنەوە دەکەیت ئەگەر دەرچوویت ئەوا دەچیتە ئاستیکی سەرووتر، بە تەواوکردنی ئاستی (5)، کۆرسی زمانەکەت تەواو دەبێت.

**12. لەو ماوەیەی کە زمان دەخوێنم هیچ کۆرسێکی زانکۆ وەردەگرم؟**

وەڵام: لە هەر ئاستیکی زماندا بیت تەنها وانەی ئەزموونی زانکۆ (University Experience) وەردەگریت.

**13. تاقیکردنەوەی توانستەکان چیە؟**

وەڵام: تاقیکردنەوەی توانستەکان 3 بەشەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت کە بریتی یە لە (توانستی زانست، توانستی پەیوەندیکردن و توانستی کۆمپیوتەر).

**14. کۆرسی توانستەکان کەی وەردەگرم؟**

وەڵام: ئەگەر ئاستی زمانی ئینگلیزیەکەت (3) و زیاتر بێت دەتوانیت کۆرسەکانی توانستەکان وەربگریت.

**15. کەواتە من ساڵێکی خوێندنم زیاد دەکات؟**

وەڵام: بەڵێ ئەگەر تۆ ئاستی زمانەکەت نزم بێت واتە (1 یان 2) بێت.

**16. ئەگەر من بڕوانامەی زمانم هەبوو لە زانکۆیەکی تر ئێوە قبوڵی دەکەن؟**

وەڵام: ئێمە تەنها بڕوانامەی ئەو زانکۆ یان سەنتەرانە قبوڵ دەکەین کە بەفەرمی مۆڵەتی نێودەوڵەتییان هەیە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە وەك (IELTS, TOEFL TOEIC, PTE).

## 17. نمرەی دەرچووی ئەم تاقیکردنەوانە وەك یەکە؟

وەڵام: نەخێر، سەیری ئەم خشتەیی خوارەوە بکە:

| بڕوانامە | نزمترین کۆ نمرە |
|---|---|
| IELTS | 5.0 |
| TOEFL کۆمپیوتەر | 61 |
| TOEFL کاغەز | 550 |
| TOEIC | 650 |
| PTE | 36 |
| OOPT تایبەت بە تاقیکردنەوەی کۆمار | 66 |

## 18. ئەگەر من پێویستم بە زمان نەبێت یەکسەر دەچمە ئەکادیمیا؟

وەڵام: هەندێك کۆرسی ئەکادیمیا دەتوانیت وەربگریت، بەڵام تۆ بیرت نەچێت تاقیکردنەوەی توانستەکانت هەیە و ئەگەر دەرنەچوویت ئەوا کۆرسی پێش وەختی توانستەکان وەردەگریت،

## 19. نرخی خوێندن چۆنە؟

وەڵام: ساڵانە زانکۆ نرخی خوێندن بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم دیاری دەکرێت بۆ هەر بەشێك و بۆ ئەم ساڵ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| کۆلێج/ بەش | نرخی خوێندن بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| ئەندازە/ شارستانی | 6, 090, 000 |
| ئەندازە/ نەوت | 5, 935, 000 |
| ئەندازە/ کۆمپیوتەر | 5, 200, 000 |
| زانست/ شیکاری نەخوشییەکان | 4, 000, 000 |
| بەشی ئینگلیزی | 3, 500, 000 |
| بزنس/ ژمێریاری | 4, 043, 000 |
| بزنس/ کارگێڕی کار | 4, 043, 000 |

**20. لەم زانکۆیە فێرخوازی دەرنەچوو واتە وانەیەك یان زیاتری لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی مابێت وەردەگرن ؟**

وەڵام: زانکۆ پەیمانگایەکی تایبەتی هەیە بە ناوی (( پەیمانگای کۆمار)) بۆ ڕاهێنان و فێربونی زمانی ئینگلیزی و دەتوانیت لە لای ئەوان کۆرسی زمان و توانستەکانت بخوێنیت.

**21. نرخی کۆرسی زمان و توانستەکان چەندە؟**

وەڵام: هەر کۆرسێك (ئاستێك)ی زمان ( 650 $) دۆلاری ئەمریکی یە.

هەر کۆرسێکی توانستەکان ( 450 $) دۆلاری ئەمریکی یە.

**22. ئەگەر لە پەیمانگای کۆمار کۆرسی زمان و توانستەکانم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد دواتر لە زانکۆ تاقیکرنەوەی زمان و توانستم لێ داوادەکات یاخود بڕوانامەکەی پەیمانگای کۆمار قبوڵ دەکات؟**

وەڵام: زانکۆی کۆمار بڕوانامەی پەیمانگای کۆمار قبوڵ دەکات و هیچ تاقیکردنەوەیەکی ترت لێ داواناکات.

**23. نرخی خوێندنم چەند دەبێت بۆ هەر لێڤڵێکی زمان؟**

وەڵام: نرخی هەر لێڤڵێکی زمان 750$ دۆلاری ئەمریکی یە بۆ ئەو فێرخوازانەی کە عبوریان هەیە لە ئامادەیی، بەڵام واتە فێرخواز نین لە زانکۆ، بەڵام ئەگەر تۆ فێرخوازی زانکۆی کۆمار بیت ئەوا بە 650$ دۆلاری ئەمریکی یە.

**24. بۆ تاقیکردنەوەی زمان و توانستەکان دەبێت پارە بدەم؟**

وەڵام: بەڵێ بۆ فێرخوازی عبور 100$ دۆلاری ئەمریکی یە و بۆ فێرخوازی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا تەنها 50$ دۆلاری ئەمریکی یە.

**25. پاش دوو مانگ لە خوێندنی ئاستەکەم و دەرنەچووم چیم بەسەردێت؟**

وەڵام: ئاستەکە دووبارە دەکەیتەوە، و تاقیکردنەوە دەکەیتەوە و دەبێت دەربچیت.

**26. فێرخوازی زانکۆکانی تر وەردەگرن لەم زانکۆیە واتە گواستنەوە هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ

**27. مەرجتان هەیە بۆ گواستنەوە؟**

وەڵام: بەڵێ بەدەر لە مەرجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی مەرجی زمان و توانستەکانی زانکۆکەی خۆمان هەیە.

**28. زانکۆ یارمەتی فێرخوازی کەم دەرامەت یان زیرەك و لیهاتوو نادات؟**

وەڵام: بەدڵنیاییەوە ساڵانە چەندین جۆری جیاوازی یارمەتی و داشکاندنمان هەیە بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیك بە ئوفیسی کاروباری فێرخوازان .

**29. ئایا ئەگەر بەشی ( شیکاری نەخۆشییەکان) تەواوبکەم، دەتوانم بچمە کۆلێجی پزیشکی؟**

وەڵام: نەخێر.

**30. من پار فۆرمم لێرە وەرگرت بەڵام دواتر نەهاتم ئایا ئێستا دەتوانم به هەمان فۆرم بکەڕێمەوە؟ ئەگەر نا چی بکەم باشە؛**

وەڵام: نەخێر. بەڵام ئێستا دەتوانیت جاریکی تر وەکو دەرچووی شەشەمی ئامادەیی فۆرم وەربگریت.